# ملپێچی ناسک و شیاو بۆ وەرزی گەڵاڕێزان





کەشوهەوای وەرزی گەڵاڕێزانی پاییز ناجێگیرە، هەندێ کات فێنك و هەندێ کاتیش ساردە، بە تایبەت لە کۆتایی مانگی دە و سەرەتای مانگی یانزەدا، کەشوهەوا سارد دەبێت، ئەگەرچی کاتی جلی ئەستوور و گەورە نەهاتووە، بەڵام ڕەنگە ساردیی ئەم وەرزە کاریگەری بخاتە سەر ئەو شوێنانەی جەستە کە بە دەرەوەن، وەك مل و ناوقەد، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، دەتوانین ملپێچی سکارف بەکار بهێنین، کە جگە لەوەی وەك جلێکی ناسك و سەرنجڕاکێش بەکار دەهێنرێت، هەروەها شان و مل لە گەرما و سەرما و تۆز و خۆڵ دەپارێزێت، ملپێچ بۆ هەموو تەمەن و ئاستێك گونجاوە، تۆش دەتوانیت بەیانیان ئەو پارچە قوماشە ناسکە لە مل بکەیت، هەروەها بۆ کاتی دەرچوونی شەوانە گونجاوە، هەندێ جاریش بۆ شیککردن و تێکەڵکردنی مۆدەکانی دیکە بەکار دەهێنرێت، بۆیە هەوڵبدە ملپێچەکەت زیاتر لە ڕەنگی پرتەقاڵی و سوور و سەوز، یان ڕەناەڕەنگ بێت.



# خشڵی ڕەنگاوڕەنگ بۆ وەرزی پاییزە

لە هەفتەی نمایشکردنی خشڵ و ئێکسسوارە تازەکاندا لە شاری نیویۆرك لە ئەمریکا، ئەو خشڵانەی کە جەماوەرێکی بێشوماریان هەبوو، ئێکسسوارە ڕەنگاوڕەنگەکان بوون، ئەو جۆرە ئێکسسوارانە بۆ وەرزی پاییز تەرخان کراون، کە مۆدێکی ناسك و سەرنجڕاکێشیان هەیە، ئێکسسوارەکان لە مارکەی (ئانا سوی) دروست کراون، کە بریتین لە: دەسبەند و گوارە و بازن و ملوانکە، هەموو ئەوانە لەگەڵ مارکەکانی براندۆن ماکسوێل و مارك فاست گرنگییان بە ڕەنگاوڕەنگیی ئێکسسوارەکان داوە، کاتێك ئێکسسوارەکە ڕەنگاوڕەنگ بێت، پێویست ناکات بیگونجێنیت، خۆی لەگەڵ هەموو ڕەنگێکی دیکەی جلوبەرگ و پێڵاو و جەنتاکان دەگونجێت، ئەو ڕەنگانەی کە باون بۆ ئێکسسوارەکان بریتین لە: سوور، نیللی، شین، سەوز، پرتەقاڵی، هەموو ئەو ڕەنگانە کە لەسەر خشڵێك دەبن، خشڵەکە ڕازاوەتر و جوانتر دەکەوێت، بۆیە تۆش لە وەرزی پاییزدا خشڵی ڕەنگاوڕەنگ هەڵبژێرە.










# کراسی تازەی مارەبڕین و بۆنەکان

لە هەر وەرزێك کۆمەڵە ستایلێکی تازەی جلوبەرگ دەردەکەون، لە وەرزی پاییزدا، کە بۆنە و مارەبڕینەکان زۆر دەبن، پێویستە خانمان ئاشنای مۆدی کراسەکان بن، تا بۆ ڕۆژی بۆنە و مارەبڕین هەڵیبژێرن، ئەو شێوازە تازەیە بریتییە لە کۆلێکشنێکی دیزاینەر (تۆنی وەرد)ە، کە یەکێکە لە ناودارترین دیزاینەرانی کراسی بۆنەکان، لە دوا مۆدەکاندا ئاماژەی بە شێوازی کراسی ئەم وەرزە کردووە، کە بەشی سەرەوەی تەسکە و لە خوارەوەش فراوان دەبێتەوە، هەروەها هێندە فراوان نییە کە وەك کراسەکانی سەندرێلا بێت، بەڵکو دەبێ لە جەستە دەرنەچێت و ڕێك بێت. بۆ ئەم مەبەستەش قوماشەکانی وەك (توول، حەریر، ئۆرگانزا، ی بەکارهێناوە، لەگەڵ دانانی نەخش و دەرمان بە دوورین لەسەر پێشەوە و پشتەوەی بەشی خوارەوەی کراسەکان، کە مەرجە نەخشەکان ڕەنگاوڕەنگ و بریسکەداریش بن، بەم چەشنە کراسێکی ناوازە بۆ بۆنە و یادەکان هەڵدەبژێریت و دەبیتە سەرنجڕاکیشترین خانمانی شوێنەکە.

# بەندیخانەی مێژوو





بەندیخانـەی مێـژوو بـە یەکێـك لـە سـەیرترین و ترسـناکترین زیندانـەکان دادەنرێـت، لـەو زیندانـەدا یەکێـك لـە گەورەتریـن سـەرکردەکانی جیهـان زینـدان کـراوە، ئـەو بەندیخانەیـە نـاوی (زنـدان)ـە، دەکەوێتـە ناوچـەی لانـکاران لـە وڵاتـی ئازربەیجـان، کـە منارەیەکـی هەیـە و دەوروبـەری بـە گژ و گیـا داپۆشـراوە، لـە شـێوەی تاوەرێکـی گەورەدایـە و لـە سـەدەی هەشـتەم دروسـت کـراوە، دەگوترێـت گـەورە سـەرکردەی رووس جۆزێـف ستالین لـەو بەندیخانەیـە زینـدان کـراوە، هەروەهـا لـە ژێـرەوەی ئـەو زیندانـەدا تونێلێـك هەیـە، کـە دەتواندرێـت لـە نێـو بەندیخانەکـە بـەرەو شـوێنی دیکـە هاتوچـۆی پێـدا بکرێـت، هەروەهـا دەگوترێت کە دامەزرێنـەری کۆمـاری ئازربەیجان (محەمـەد ئەمیـن رەسـووڵ) توانیویەتـی بـە تونێلی زیندانەکـەدا لـە وڵاتەکـەی خۆیـەوە بـەرەو دەریـای قەزویـن رابـکات، ئێسـتا بۆتـە شـوێنیکی گەشـتیاری و زۆربـەی گەشـتیاران سـەردانی دەکـەن و وێنـەی یـادگاری لـە نێـو بەندیخانەکـە دەگـرن.

## جلوبەرگێک کە مرۆڤ ون دەکات

بیرۆکـەی ونبوونـی مـرۆڤ سـاڵانێکە بـە مێشـکی داهێنەرانـدا دێـت، ئەگەرچـی کارێکـی نایاسـاییە، بـەڵام زۆربـەی بیرمەندانـی سـەرقاڵ کـردووە، دواجار وێنەگرێك بـە نـاوی (جۆزێف فۆرد) کـە بیرۆکـەی تێهەڵکێش، یـان گونجاندنـی مرۆڤـی لەگـەڵ دەوروبەرەکـەی بـە جلوبـەرگ داهێنـا، بیرۆکەکـەی بریتییـە لـە ئامادەکردنی جلوبـەرگ لـە هەمـان ئـەو شـوێن و کەشـەی کـە کەسـەکە تیایدایـە، واتـە گـەر لەنـاو گژوگیـادا بیـت، ئـەو کاتـە جلەکـەت لـە رەنـگ و شـێوەی گژوگیاکـە دەبێـت، ئـەو وێنەگرە لەگـەڵ بەرگدرووییـەك بـە نـاوی (نینـا دود)، کـە مـاوەی چەندیـن کاتژمێـر سـەرقاڵ دەبـن، تـا دەتوانـن کەسـێك لەگـەڵ دەوروبـەر بگونجێنـن و ونـی بکـەن، ئەگـەر لـە دوورەوە سـەیری ئـەو کەسـانە بکەیـت نابینرێـن، چونکـە لەگـەڵ دەوروبەرەکەیـان هاوشـێوە و هاورەنـگ دەبـن.














# دروستکردنی شیش لە کوردستان

سەرەتا سکراب دەهێندرێت، دوای تواندنەوە، دەکرێت بە شیش و لە بواری بیناسازیدا بەکاردەهێندرێت، ئەو پرۆسەیە لە ناو کارگەیەکی تواندنەوەی ئاسندا بەڕێوە دەچێت، کە چەندین قۆناغ لە خۆ دەگرێت، بەرهەمی شیش بە چەندین قەبارە (١٠-١٢-١٦-٢٠-٢٥) ملم کە واتای ئەستووری شیشەیە دروست دەکرێت، سەرەتای پرۆسەکە بەهێنانی سکراب دەست پێ دەکات، سکرابەکانیش زیاتر لەناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق دەهێندرێن و دەخرێتە ناو فرنێك بە ناوی ئەلیکریت ئارك فرنس Electrical Arc Furnace- کە یەکێکە لە باشترین فرنەکان و هەموو سیکرابێك دەتوێنێتەوە، توانەوەی ئاسن لە پلەی نێوان ١٦٥٠ تا ١٧٠٠ پلەی سیلیزیدا دەبێت، دواتر سەرەی فرنی Ladle Furnace دێت کە کاری تێکەڵکردنی چەندین مادەیە و تێکەڵ بە ئاسنە تواوەکەی دەکات، ماددەکانیش بریتین لە: گەچ، فریرۆ سیلیکۆن و فیرۆمەنگەنیز سیلیکۆن و ئەلمەنیۆم....هتد، بۆ ئەوەی کواڵیتیی ئاسنە تواوەکە بگاتە ئاستی ستاندارد، دواتر دەنێردرێتە بەشی CCM لەوێوە ئاسنی تواوە دەبێتە قاڵب، ئەو قاڵبانە (١٣٠ ملیمەتر بە (١٣٠) ملیمەتر پانی و (١٢) مەتر درێژە دروست دەکرێن، جارێکی دیکە دەنێردرێنەوە بۆ فرنی Re_ Heating Furnace، واتە دووبارە گەرمکردن، پاشان دەنێردرێتە بەشی Rolling mill، کە پێکهاتووە لە چەند دەزگایەکی ڕۆڵەیی کە قاڵبەکە بەناویاندا دەڕوات و تیرەکەی بچووك دەکرێتەوە، دواتر درێژ دەکرێتەوە و بەپێی ستانداردی کارگە تیرەی باریك دەکرێتەوە، لە کۆتاییدا بە مەقەست و بە پێوانەی (١٢) مەتر، دەبڕدرێت، پاشان هەر دوو تۆن دەبێتە ڕەبتەیەك (bundle) و لە یەکتر گرێ دەدرێ، واتە نزیکەی (٢) تۆن. توانای بەرهەمهێنانی کارگەی هیند ستیل F&F sSteel لە کوردستان دەگاتە (٦٠٠) هەزار تۆن لە ساڵێکدا، سیکراب لە ١٦٪ی دەبێتە خاشاك و ئەوەی دیکە دەبێتە ئاسنی پاك و ستاندارد، کوالێتی شیشی (F&F Steel ) ستیل کە کوالێتی ناسراوە و شیشێکی ستاندارده، خۆی لە کوالێتی شیشی ئۆکرانی و تورکی دەدات.

# باڵەخانەیەک لە شێوەی کەشتییەکی سەراوژێر



کاتێك لە دوورەوە سەیری ئەو باڵەخانەیە بکەیت، واهەست دەکەیت کە کەشتییەکی کۆنی سەراوژێرە، یان وەك دیمەنەکانی فیلمی تەیتانیك دێتە بەرچاو، دیمەنی ئەو باڵەخانەیە ناوازەیە و شێوەیەکی سەیر و سەمەرەی هەیە، ئەو باڵەخانەیە لە شاری پراگی پایتەختی وڵاتی چیك دروست کراوە، کە بەرزییەکەی دەگاتە (١٣٥) مەتر، بە یەکێك لە بەرزترین باڵەخانەکانی ئەو وڵاتە دادەنرێت، پرۆژەکە لەلایەن کۆمپانیای (تریگیما) بنیات نراوە، کە بریتییە لە سەنتەرێکی ڕۆشنبیریی گەورە، بەشی خوارەوەشی بۆ نیشتەجێبوون تەرخان کراوە، دروستکردنەکەی زیاتر لە (٣) ساڵی خایاندووە، هەروەها بڕی (٨٤) ملیۆن دۆلاری تێچووە، یەکێکە لە کارە نایابەکانی بواری ئەندازیاریی شارستانی، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە لە شێوەی کەشتییەکی سەراوژێر و کۆنیش دەچێت.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات کە ئالوودەی مادده هۆشبەرەکان بوون و جەستەیان وەك جەستەی منداڵێکی ساوای لێ هاتووە، بەردەوام دەگرین و داوای ماددەی هۆشبەر دەکەن.

## نوکتە

باوکێك بە منداڵە قوتابییەکەی دەڵێ: ئەگەر کارتی تاقیکردنەوەت وەرگرتەوە و دەرچووبووی کوڕی خۆمی، ئەگەریش کەوتی، کوڕی من نیت و ناتناسم.
کوڕەکە دەچێتە قوتابخانە کارت وەردەگرێتەوە و دەگەڕێتەوە.
باوکی دەڵێ: چی بوو چۆن بووی؟ کوڕەکەش دەڵێ: جەنابت کێی؟ ناتناسم.

## بۆ زانیاریت

### قووڵترین خاڵی نیوەتیرەی زەوی

نیوەتیرەی زەوی نزیکەی ٦،٥٠٠ کیلۆمەترە. تێکڕای تویکڵی زەوی نزیکەی ٣٥ کیلۆمەتر دەبێت، بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە بەردی سەخت و پلەی بەرزی گەرمی لە قووڵاییە زۆرەکاندا، ڕێگرە لە گەیشتن بە قووڵایی زیاتر لەوەی زاناکان پێی گەیشتوون، ئەمەش واتای ئەوەیە کە دەتوانین تەنیا تا قووڵایی ٣٥ کیلۆمەت زەوی هەڵکۆڵین، کە ئەمەش دەکاتە ٪٠,٥ـی نیوەتیرەی زەوی. قووڵترین چاڵی دەستکرد لە جیهاندا کە لێدراییت، بریتییە لە Kola Superdeep Borehole لە ڕووسیا کە لەساڵی ١٩٧٠ دەستیان بە هەڵکۆڵین کرد، ئەو قووڵاییەی کە پێی گەیشتوون، تەنیا ١٢،٢٦٢ مەترە و بەهۆی پلەی گەرمیی بەرز و نەتوانین بۆ کارکردنی زیاتر و نەمانی ئۆکسجین، نەیانتوانیوە بگەن بە قووڵایی زیاتر، تا ئێستاش هەر ئەوە قووڵترین چاڵی دەستکردە لە جیهاندا، واتا قووڵترین خاڵ کە تا ئێستا پێی گەیشتووین لە زەویدا تەنیا ٪٠,٥ـی نیوەتیرەی زەوییە.



## بیرکردنەوە و فەلسەفە

ڕابەری تبتییەکانی چین (دلای لاما) بۆ دیاریکردنی ئایینێکی باش دەڵێ: «باشترین ئایین ئەوەیە کە ئێوە بکاتە مرۆڤێکی باشتر، بەرەحمتر، تێگەیشتووتر، ڕاستر، بێ لایەنتر، هەر ئایینێك ئەوە بکات، ئەوا باشترینە». هەروەها دەڵێت: «لە بیرت نەچێت، زۆر جار فەرامۆشکردن، باشترین وەڵامە»، دەشڵێت: «لەگەڵ زەوی میهرەبان بە، ساڵی جارێك بچۆ بۆ شوێنێك کە هەرگیز ئەو شوێنەت نەبینیبێت، بیرت نەچێت باشترین پەیوەندی ئەو پەیوەندییە کە عەش لە نیازەکان گەورەتربێت، دروستکردنی خۆشەویستی لە ماڵەکەتدا، دروستکردنی ژیانە»، هەروەها دەڵێت: « هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەك کە سوێندی زۆری تێدا خورا، لەو شوێنە زۆرترین درۆ دەکرێت.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

خەریکی ژیانی خۆت بە و ئەو کارانەی لەسەرتن بە جوانی جێبەجێیان بکە، هەر چەندە ئەو کەسانەت لەبیر کردووە کە تۆیان خۆش دەوێ، بەڵام دڵنیابە ئەوان تۆیان لەیاد نەکردووە، زیاتر گرنگی بە کەسانی نزیك و خۆشەویستانت بدە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

یاری بە ژیانی خۆت مەکە و تەنیا ئەرکەکانی سەرشانت جێبەجێ بکە، نهێنییەکانت بپارێزە و خۆت لە کێشە بە دوور بگرە، بەم نزیکانە لە کۆڕێك، یان گردبوونەوەیەکی گرنگ بەشداری دەکەیت، کە دەبێتە جێی گرنگی پێدانی دەوروبەرەکەت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بە دووبارە هەنگاونان بۆ پلانەکانی پێشووت هەوڵی بەدیهێنانی خەونەکانت بدە، لە ئێستادا گرفتەکانت بەرەو کۆتایی دەچن و باری دەروونیت باش دەبێت، ئارام بە و دڵتەنگ مەبە، دڵنیابە لە داهاتوودا باری داراییت باشتر دەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

مەهێڵە کەسانێك دەست لە ژیانت وەر بدەن، ئەوەی پێویستە کاری لەسەر بکە و خۆت فەرامۆش مەکە و بەشتی بچووکەوە خەریك مەبە، لەبەرئەوەی بەخت لەگەڵتە و خۆشی ڕووت تێ دەکات، خەمەکانیشت دەڕەوێنەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کەسێك هەوڵی دروستکردنی کێشە و ناکۆکیت بۆ دەدات، کارەکانت بە جوانی بەڕێ بکە و ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدە، بێ ئومێد مەبە، چونکە بەم زووانە دەرفەتێکی دیکەت بۆ ڕێك دەکەوێت، ئەگەر تۆزێك خۆت ماندوو بکەی، سەرکەوتن بەدەست دەهێنی .

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کەسێکی نیازپاکی و نادادپەروەرییەکان بیزارت دەکەن، هەندێ جار هەڵچوون کێشەت بۆ دروست دەکات، هێمن و کراوە بە، ئەم دوودڵی ء ڕاڕاییەت هیچ پێویستی بە پاکانەکردن نییە و ئەم ترسەت لە خۆڕاییە، گوێ بۆ ئامۆژگاریی خێزانەکەت بگرە.



## پوختەی فیلم

**پێشبڕکێکاران - Hustlers**

فیلمێکی دراما و شانۆییە، باس لە کچێك بە ناوی (دەستنی) دەکات کە کاری خۆڕووتکردنەوە لە یانەکانی شەوانە دەکات، کەسێك دەناسێت بە ناوی (رامۆنا)، دواتر بەیەکەوە سەردانی یانەیەکی پڕ پارە دەکەن، پاشان دەتوانن دەست بەسەر ئابووریی ئەو یانەیەدا بگرن، ئەو کارە پەرە دەسێنێت تا دەبێتە ڕووداوێکی گەورە کە کاریگەریی لەسەر ئابووریی یانەکان دەبێت، فیلمەکە لە وڵاتی کەنەدا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی (لۆرین سکافاریا)یە و لە نواندنی (جینیڤەر لۆپێز، لیلی رانهارت، کۆنستانس ۆو، کاردی بی و جولیان ستیلیس)ـە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥٠) خولەکە.

## شێوەی ئەندازەیی خانووەکانی داهاتوو



بیرۆکەی تازەگەری لە بواری باڵەخانە و کاری ئەندازەیاریدا بۆتە جێگەی سەرنجی هەمووان، چونکە ژیان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و لە پەرەسەندن و تازەگەری بەردەوامە، بواری ئەندازیاری سەرەڕای ئەو پێشکەوتنەی بە خۆوە بینیوە، هێشتا بیرۆکەی تازەیان بۆ داهاتوو هەیە. لە وڵاتی هۆڵەندا لەلایەن هونەرمەند و وێنەکێشی هۆڵەندی (دریس کریشمامپ) بە هاوکاری لەگەڵ تیمێکی ئەندازیاری، شێوەی خانووی داهاتووی مرۆڤیان دیاری کرد، کە وەك تۆپێکی خڕی گەورە وایە و تا ئێستاش نزیکەی (٥٠) دانەیان لەو جۆرە خانووانە دروست کردووە، کە لە چیمەنتۆ و شووشە دروست کراون، ئەو جۆرە خانووانە رووبەرێکی کەمیان هەیە، دەتواندرێت لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە بگوازێتەوە، بە جۆرێك وەك خانوویەکی گەشتیاری و گەڕۆك وایە، بیرۆکەکەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە مرۆڤ لە خانووی ئێستا بێزار بووە و پێویستە شێوەی داهاتووی خانووەکان لەوانەی ئێستادا جیاواز بن.



## پەند و وتە

گەورە نووسەرری ئینگلیزی (ویلیام شکسپیر) لە دایکبووی ساڵی (١٥٦٢) شاری سترافۆردە لە بەریتانیاو لە ساڵی (١٦١٦) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بەسەرهاتەکانی رابردوو دەڵێ: «شێتییە و نەفامییە، کاتێك بیر لە کار و بەسەرهاتەکانی رابردووت دەکەیتەوە، پەشیمانیشیان بۆ دەخوازیت، لە کاتێکدا رۆیشتووە و نەماوە، پێویست ناکات خەمی بۆ بخۆیت.



## فێڵکاریی چاو

لەم وێنەیەدا بوتڵێك دیارە، لەناو بوتڵەکەدا بەلەمێکی گەورە دەردەکەوێت، هەوڵبدە بزانیت کە بەلەمەکە راستەقینەیە و وێنەی گیراوە لەناو بوتڵەکە، یان بەلەمێکی بچووکە و لە نێو بوتڵەکەدایە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەوەندە دوودڵیی ناوێت، بڕیار لەسەر ژیانت بدە، هەرکاتێك خۆتت لە نێو کێشە و گرفتدا بینییەوە، هەوڵ مەدە رای خۆت بەسەر کەسانی دەوروبەرتدا بسەپێنی، لەوانەیە ئەمە زیانت پێ بگەیەنێت و گلەیی ء گازاندەی هاوڕێکانت لەسەرت زیاد بکات.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

وازهێنان لە هەندێ نەریتی خراپ ژیانت بەرەو باشتر دەبات، هەوڵبدە تێکەڵی خەڵك بیت و ئەوەندە دوورەپەرێز مەبە، دوو چاوپێکەوتنی گرنگ دێنە رێت کە زۆر شتی چاکی لێ دەکەوێتەوە، لە بواری سۆزدارییشەوە هەواڵی خۆشت پێ دەگات.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەرکەکانت بێزارت دەکەن و ماوەیەکی دیکە بەرەو هەنگاوێکی چاك رێگە دەگریت، با هەمیشە کەسێکی متمانە پێ کراو ئاگاداری ژیانت بێت، کاتی خۆت لەگەڵ ئەو زەرەر و زیانانەی کە پێشتر لێت کەوتوون بەفیرۆ مەدە، بەڵکو هەوڵ بدە تا بە خەونەکانت دەگەیت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەگەر بە وریاییەوە هەڵسوکەوت نەکەیت، ژیانت تێك دەچێ و ماوەیەکی ناخۆش بەڕێ دەکەیت، هیوای ئێستات بۆ داهاتوو گەورەیە و هەوڵی بۆ بدە، ئەگەر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ کێشە خێزانییەکاندا بکەیت، بەم زووانە کۆتاییان پێ دێت و خۆشی لە دەرگات دەدات.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

کەسێکی دوودڵی و دەترسیت هەنگاو بنێیت، بوێر بە، لەگەڵ دەستپێکردنی هەنگاوەکان کارەکان ئاسان دەبن، ئەنجامی ئەم جموجۆڵەی ئێستات بۆ خۆیشت روون نییە، پێویستە هەوڵ بدەیت و بەدواداچوون بکەیت تا دەگەیتە ئەنجامێکی گونجاو.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

کەسێکی نزیکت کێشەت بۆ دروست دەکات و تۆش هەردەم هێمنی، بەرگری لە خۆت بکە و مەهێڵە بۆی بچێتە سەر، تۆ بەوە بەناوبانگیت کە نهێنییەکانت لای کەس نادرکێنیت، بەو شێوەیە بەردەوام بە و مەهێڵە هیچ کەسێك خاڵی لاوازت بزانێت .